عەزیز وەیسی دەڵێت: 'بێوەژنە دەستی دووە'، ئەی بۆ کەس هیچ نالێ؟!

هەر کات باس لەنەتەوەیەک دەکرێ، پێناسەی ئەو نەتەوەیە تەنیا بە رێژەی مرۆڤەکانی نەوتراوە، بەڵکو نەتەوەیەک بە خەڵک وکولتور وداب ونەریت وهونەر و سامان و ئەدەبیات و ئاڵا وزوان و زۆر شتی تر دەوترێ، کە هەمو ئەوانە دەخرێنە پاڵ یەک و نەتەوەیەک پێک دێنن، کوردیش وەک نەتەوەیەک خاوەن ئەو تایبەت مەندیانەیەو کولتور وداب ونەریت وهونەر و ئەدەبیات وشیعر ومۆزیک و سامانی تایبەت بە خۆی بوەو هەیە.

یەکێک لەو شتانەی کە بوونی نەتەوەیەکی پێ زیندو رادەگیردرێت لە پاڵ شتەکانی تریدا هونەر ومۆزیکە، کورد لەم بوارەدا نەتەوەیەکی دەوڵەمەندەو خاوەن بەرهەمی هونەری تایبەتی خۆیەتی و هونەری رەسەنی زۆرەو هونەرمەندی دڵسۆزیشی زۆر بوە و هەیەتی.

کولتوری رزیوی پیاو مەزنانە و کۆنەپەرەستانە کە بە درێژایی مێژوو باڵی رەشی بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا کێشاوە، ئاسەواری ئەم دواکەوتوییە لپ و لۆپی هاوێشتوەتە ناو بەرهەمە هونەرییەکانەوە، دیارە هەر کەس لە شوێنی خۆیەوە دەبێت بۆ بن بڕ کردنی کولتورە پرتووکاوەکان هەنگاو هەڵ بگرێت و بۆ بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگە کەی وخزمەت بە دۆخی نەتەوەکەی و تاکی مرۆڤ ئەوەی لە دەستی دێ،درێغی نەکات، ئەگەر کاتێکیش مرۆڤ نەیتوانی خزمەت گوزاری مرۆڤ و نەتەوەکەی بێت لانیکەم شێوازێک لە ژیان ڕەچاوبکات کە تێکدەر نەبێت و ڕوڵی نەرێنی (مەنفی) نەگێڕێت.

کورد بە هەموشتەکانییەوە وەک بواری جوغرافیا، زمان وکولتور وداب ونەریتە و تاکەکانیشیەوە لەبەر دەم جینۆسایدێک دایە کە لە لایەن دوژمنانی دڕی خاوەن دەسەڵات و هێز بۆ پاکتاو کردنی هەردەم لە تێکۆشاندان، تا گەیشتنی یەک جاری بە ئاواتەکانیشیان هەوڵیان داوە کورد وەک قەوم، تاکیشی وەک تاکێکی دواکەوتو نیشان بدەن و بەر بە پێشکەوتن وگەشەی بگرن.

یەکێک لەو رێکارانەی کە دەکرێت ئەم پیلانەی دوژمنانی کورد پوچەڵ بکاتەوەو دەوری گرینگی هەبێت لە بەرەو پێش خستنی کۆمەڵگەی کوردیدا، هونەرە، ئەو ئەرکەیش وەک پەیامێک دەکەوێتە سەر شانی ئەو کەسانەی کە لەو بوارەدا شارەزاییان هەیەو پێیان دەوترێ هونەرمەند، بە خۆشییەوە نەتەوەی کورد هونەرمەندی رەسەن و تێکۆشەر ودڵسۆزی زۆری بوە کە توانیویانە خزمەتی گەورە بکەن بە نەتەوەکەیان.

زۆر جارانیش مەرج نیە هونەر لە خزمەت گەشەدا بێت بەڵکو ئەوە هونەرمەندە چۆن کەڵک لە هونەر وەر دەگرێت، **عەزیز وەیسی** یەکێک لەو هونەرمەندانەیە کە لەبواری هونەردا کار دەکات و بەم هۆیەشەوە ناسراوە، هەم ناو و ناو بانگی خۆی وهەم بەر هەمەکانیشی دەنگ دانەوەی بوە لە ئاستی کۆمەڵگەی کوردیدا، من نامەوێت بچمە سەر ناساندنی ئەم هونەرمەندە چون لە تاقەتی ئەم وتارەدانیەو عەزیزی وەیسیش لانیکەم بۆ هۆگرانی هونەر تارادەیەک ناسراوە، لەم ئاخرانەدا عەزیز وەیسی گۆرانییەک دەڵێت کە ئارەقی شەرم دەخاتە سەر ناوچاوانی مرۆڤ و تووشی رشانەوەی دەکات، تاکی کوردیش بە داخەوە زۆر جار لە سەر لیشێوایدا شیرازەی هەمو شتێکی لە دەست دەر دەچێت و لایەنگری لە رەش بە جێگەی سپی و حەز لە نارەسەن بە جیاتی رەسەن، راکردن بە شوێن خراپەو خۆ شاردنەوە لە چاکە کان ڕەچاو دەکات، ئەم رەچاو کردنەی تاکی کوردیش تەنیا دڵساردی کەسانێکی بە دواوەیە کە ئاواتی سەر کەوتنی گەلەکەی ویەکسانی مرۆڤایەتی سەر دێڕی هەمو خەونەکانیانە، وپەرەپێدەری دواکەوتوییە لە کۆمەڵگە.

عەزیز وەیسی بە دەنگی بەرز هاوار دەکات **بێوەژنە دەستی دووە**، ئەمە ئەگەر کەسێکی تر بیوتایە، پارێزەرانی مافی ژن، رێکخراوەکان، راگەیاندنەکان، و هەمو پارێزەرانی مافی مرۆڤ هاواریان دەگەیشتە عەرشی باڵا و بە دەیان و سەدان لاپەڕەی لە سەر رەش دەکرایەوە، دەیان کاتژمێر بەرنامەی تەلەویزیۆنیان لە سەر دادەنا و رەنگە زۆر متینگ و کۆبوونەوەی گەورەو کەمپەینیشیان لە دژی رێک بخستایە، بەڵام لە بەرانبەر عەزیز وەیسیدا نەتەنیا بێ دەنگن بەڵکو بەو گۆرانیەش دێنە هەڵپەڕکێی وسەماو رۆژە خۆشەکانیشیان بەو دێرەی **بێوەژنە دەستی دووە** دەبەنە سەر.

کاتێک کاک عەزیز لە کلیپێک دا دەڵێت بێوەژنە دەستی دووە پەنتر لەو وشە موبارەکانە ئەوەیە، کچێک لەو کەسانەی کە تەنیا بۆ کاسبی ودەرهێنانی بڕێک پارە پۆتینێکی تا بن ران لەپێ هەڵکێشاوە بەوەی کە هونەرمەند بە هونەرەکەی بەژنی دەوت دەستی دوو، ئەمیش بێ ئاگا بەبێ ئەوەی بزانێت چی پێ دەڵێن و مانای ئەو دەستی دوە چییە هەڵی دەخستەوە و سەمای بۆکاک عەزیز دەکرد، تاونەتاوێک دەستی هونەرمەندەکە کە پێی دەوت دەستی دوو دەگرێت و لەبەردەمیدا خۆی تۆزێک با دەدا.

دەستی دوو تەنیا بەو کەرەسانە دەوترێت کە مامەڵەیان پیوە دەکرێت، دەکرێدرێن ودەفرۆشرێن، دەستی دو یانی ئەو شتەی کە رۆژێک تازە بوەو پاشان فرۆشراوەو بۆ ماوەیەک کەم یان زۆر کەڵکی لێ وەر گیراوە.

باشە! پێشکەوتنخوازان، پارێزەرانی مافی ژن، ئازادیخوازان، هونەرمەندان، نووسەران، ئەدیبان، یەکسانی خوازان، لە روانگەی ئێوەیشەوە ژن کەرەسەیە؟ تا دەستی یەک و دەستی دووهەمی هەبێت؟

بێوەژن تاکە کەوشە کە کەڵکی لێ وەر گیردرابێت یان مرۆڤ؟ کوا دەنگتان لەبەرانبەر پاراستنی کەرامەتی مرۆڤەکان؟ کوا نووسراوەکانتان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ؟ سووکایەتی وبێحورمەتی بە مرۆڤەکان مەحکوومە مەرج نیەو ئەو بێ حورمەتییانە کەسێک یان لایەنێکی دیاری کراو بیکات تا ئەو کات شەر مەزار بکرێت، دیاردەی وا هەر کەس ولایەن بیکات دەبێت شەرمەزار بکرێت.

رەنگە بەرێز عەزیز وەیسی نیەتی جنێو و سووکایەتی نەبێت، رەنگە ئەو بۆ پڕ کردنەوەی کاسێتەکەی هەر چی بە دەمیدا بێت بیڵێ بەڵام دەبێت بەهەموومان وریا بین، ئەگەر وترا ئەو کەسەی کە دەیڵێ ئاگادار بکرێتەوە، هونەرمەندانیش دەبێت وریا بن، کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە هونەری رەسەنە، نەک هونەرێک کە هەڵگری ئازاری سووکایەتی وبێ حورمەتی بە بەشێک لە ئینسانەکان بێت، ژن بەر لەوەی ژن بێت ئینسانە، ئەمە راستییەکی سەلمێندراوە، بەلام کاک عەزیزی ئێمە تازە وەک ئەسحابی کەهەف لە خەو هەڵدەسێت و دەی کاتە تاکە کەوشێکی لە پێ کراو، ئەمە بەرهەمی کولتورێکە کەژن وەک نیوە مرۆڤ وزەعیفە وکەرەسە چاو لێ دەکات و بە داخەوە ئاسەواری رزیوی هێشتا لە کۆمەڵگەکەماناماوە.

ئەرکی سەر شانی هەمو میدیاکانە وریای ئەو بەرهەمانە بن بڵاویان نەکەنەوە، هەمو کامیرامان و دەنگ هەڵگر و راگەیاندنەکان دەبێت ئاگاداری ئەو جۆرە لەپەردان بە کولتوری پرتوکاو بن، هەروەها هەمو ناوەندە ئەدەبی و هونەرییەکان ئەرکی سەر شانیانە کەو لەو هونەر مەندانە بپرسنەوە، هونەر مەند بە هۆی هونەرکەیەوە دەبێتە مرۆڤێکی ناسراوی گەورە لە وڵاتەکەی خۆی، کە وایە مرۆڤی گەورە دەبێت وریای هەڵسوکەوت و قسە کردن ورەفتاری خۆی بێت، ئەگەر نەتوانێت کۆمەڵگە بەرەو پێش ببات وخزمەت بە شارۆمەندانی ولاتەکەی بکات لانیکەم باری ئازارەکانیان زیاد نەکات و دەردە دار تریان نەکات و سەر باری بارەکانیشی نەنێت.

هەر لەو کۆمەڵگەی کوردەوارییەدا تەنیا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ژن مرۆڤە نەک کەرەسەو وزەعیفە، بە سەدان مرۆڤی شۆڕشگێر گیان وژیانی خۆیان بەخت کرد، ئێستەیش بە سەدان و هەزاران کەس چالاکی ئەو رێبازە و سەدان تێکۆشەری رێگەی مافی ژن لەبەندی خانەکان و سیاچاڵەکاندان کەبتوانن لانیکەمی مافەکانی ژنان بە دەست بهێنن، کەم نین ئەو مرۆڤانەی کە هەمو ژیانی خۆیان لە دەستدا تەنیا بۆ ئەوەی ژن وەک مرۆڤ چاو لێ بکرێت، بەڵام لەملاکەیشیەوە تەنیا بۆ پڕ کردنەوەی کاسێتێک و دەرهێنانی کەمێک پارە هەمو ئینسانیەت وکەرامەتی تاکی ژن زۆر بە ئاسانی بەو جۆرە پامال وپێشێل بکرێت و کەسیش دەنگی لێوە نەیەت؟

جێگای سەر سوڕمان نیە کە ئاوەها لەبەرانبەر ئەو سووکایەتیە ئاژاراوییە دا بێدەنگەی لێ بکرێت؟

باش وایە عەزیز وەیسی پێدا چوونەوەیەک بە خۆیدا بکاتەوەو لەو بابەتەوە داوای لێ بوردن لە کۆمەڵگای کوردەواری و تایبەتی تاکی ژن وەک ئینسان بکات.

ئیبراهیم کۆنە پۆشی

سینیەکان لەچاو دیتران زووتر دەمرن

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە لە ماوەی ٢٥ ساڵی داهاتوودا زیاتر لە ٨٠ ملیۆن مرۆڤی سینی بەهۆی نەخۆشی بۆڕیەکانی هەناسەوە دەمرن، کە راستەوخۆ بۆ سیگار کێشان دەگەڕێتەوە.

لێکۆڵەرەوانی زانکۆی هاروارد ی ئەمریکا پێیانوایە کە نزیکەی نیوەی پیاوانی سینی سیگار دەکێشن، لەوانەیە رێژەی سیگارکێشان لەنێو ژنانیشدا بەرز بێتەوە، بەوهۆیەوە نەخۆشیەکانی بۆڕیەکانی هەناسە زیاتر دەبێ و کاریگەری لەسەر مردنی پێشوەخت دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە لێکۆڵەرەوان پێیانوایە بەهۆی ئەوەی کە دارو پاشماوەکان بۆ چێشتلێنان و خۆ گەرمکردنەوە بەکاردەهێنرێ، ئەمانەش کاریگەری لەسەر سینەو بۆڕی هەناسە دەکەن و دووچاری نەخۆشیان دەکەن و مەرگی پێشوەختیان بۆ دەهێنن.

زانایان لەو باوەڕەدان کە حکومەتی سین هانی خەڵک دەدات کە واز لە سیگار بهێنن و چیتر خاشاک و دار بۆ چێشتلێانان لە ناندینەکانیان بەکار نەهێنن، ئەگە ئەمە رەچاو بکرێ، دەتواندرێ ساڵانە رێگری لە مەرگی ملیۆنان مرۆڤ بکرێ.

لێکۆڵەرەوان لەو باوەڕەدان کە بەهاوکاری حکومەت و رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان دەتواندرێ کە رێگە لە نەخۆشی سینەو بۆڕیەکانی هەناسە بگیرێ، ئەویش لەرێگەی هاندان بۆ وازهێنان لە سیگارو دوورکەوتنەوە لە دوکەڵ و تۆزدا.

دکتۆر مەجیدی عزەتی سەرپەرشتیاری ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە لە زانکۆی هاروارد ی ئەمریکا ئەنجام دراوە، بە ئاژانست بت بت ست گوتوە: 'ئەگەر دەوڵەتی سین بە خێرایی پێشیگری بکات و بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێ، دەتوانی رێگە لە مردنی ملیۆنان مرۆڤی وڵاتەکەی بگرێ، بەتایبەتیش ئەگەر هەڵمەتێکی بەربڵاوو گشتگیر بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و پێشاندانی زیانەکانی سیگارکێشان دەست پێبکات و باس لە زیانەکانی دوکەڵ بکات و هاوکاریان بکات بۆ ئەوەی شێوازی دیکە بۆ چێشت لێنان و خۆگەرمکردنەوە بەکار بهێنرێ.

ئەو دکتۆرە پێیوایە کە ئەگەر دەوڵەتی سین هاوکاری دارایی و فێرکردن و لەشساغی پێشکەش بە خەڵک بکات و قەدەغەکردنی سیگارکێشان لە شوێنە گشتیەکان دەست پێبکات، ئیدی رێگە لە مەرگی پێشوەختی مرۆڤی سینی دەکات. ئەگەر بتوانێ سووتەمەنی باشتر بۆ ٧٠%ی خەڵکەکەی دابین بکات و شێوازی سوتاندنیش فەراهم بکات، ئیدی رەوشی لەشساغی کۆمەڵگە باشتر دەبێ و نەخۆشی سینەو بۆڕیەکانی هەناسە کەمتر دەبنەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئێستا یەک لەسەر سێی سیگارکێشانی جیهان لە وڵاتی سین دان، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەڕەشەیەکی گەورەی لەسەر کۆمەڵگە دروست کردووە، کارکردنیش بۆ وازهێنان لە سیگارکێشان تەنیا بە حکومەت و دەزگاکانی راگەیاندن دەکرێ، دەنا ئەو شێوازەی کە بازرگانان بۆ بڕەودان بە سیگار پەیڕەوی دەکەن، رۆژ دوای رۆژ لە پێشکەوتن دایەو مرۆڤەکانیش زووتر لەداوی بازرگانان دەکەون و گیرۆدەی نیکۆتین دەبن و بەرەو مەرگ دەڕۆن.

لێکۆڵەرەوان پێیانوایە سیگار یەکێکە لەو کارەساتانەی کە هەڕەشە لە جیهانیان دەکات و لە دوای تلیاک و هیرۆینەوە دێ، بەهۆی ئەوەی کەتووتن بەرهەمێنان و دروستکردنی سیگار ئازادە، ئیدی هەڕەشەکانی رۆژ دوای رۆژ گەورەتر دەبێتەوە، پێویستە رێگری لێبکرێ.

سەرچاوە: بی بی سی

تەرم لەنێو فەرهەنگی گەلان دا

لە رابردوو گەلان بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە تەرمی مردووان هەبوو، هەندێک پێیانوابوو کە نابێ بشاردرێتەوە، لەو روانگەیەوە هەندێک تیرەی ئەفغانستان و هیندستان تەرمی مردوەکانیان لە دار دەپێچن و لە سەر لووتکەیەکی بەرز دایدەنێن، پێی دەڵێن لووتکەی بێدەنگی، پێیانوایە کە خاک و ئاو و ئاگر پیرۆزن، نابێ تەرم لەباوەش بگرن، ئیدی ئاژەڵ و باڵندەی گۆشخۆر ئەو تەرمانە دەخۆن و شوێنەواری مردووان نامێنێتەوە.

هیندۆسەکان کە لە هیندستان و سین و ئەندەنووسیا دا دەژین، تەرم بەخاک ناسپێرن، بەڵکو تانۆکە دارێک کۆدەکەنەوەو لە رێورەسمێکدا تەرمەکە دەسووتێنن، هەندێک جار خۆڵەمێشی تەرمە سووتاوەکە لە شووشەیەک دەکرێ و لەژێر خاک دەشاردرێتەوە، هەندێک جاریش بە با دەکرێ و بەهەوادا بڵادەکرێتەوە، هەندێک لەوان خۆڵەمیشی خۆشەویستانی خۆیان دە رووباری گەنج دەهاوێن.

هەوزی گانۆمی ئەمەزۆن دوای سووتاندنی تەرم، خۆڵەمێشەکەی بەسەر دارمۆزەکاندا دەپڕژێنن و مۆزەکانیش دەخۆن، پێیانوایە ئەگەر ئەو کارە بکەن، رۆحی مردووەکە بەردەوام لەگەڵیاندا دەبێ و هاوکاریان دەکات!

پەیڕەوانی ئایینی یەهودی و کریستیانی و ئیسلام، تەرمی مردووەکانی خۆیان بە شکۆوە بە خاک دەسپێرن، بەڵام ئێستا لەنێو پەیڕەوانی ئەو ئایینانەشدا شێوازێک پەیدابووە، هەندێک لە مرۆڤەکان بەر لەوەی بمرن، بۆندێک لەگەڵ لایەنی زانستی و تەندروستی مۆر دەکەن، بەوهۆیەوە تەرمەکانیان رادەستی فێرگەو زانکۆکان دەکرێ، بۆ مەبەستی فێربوون و زانست سوودیان لێوەردەگیرێ، بەڵام کەسوکاری ئەو مرۆڤانە نیگەران و داخبار دەبن و حەز ناکەن کە تەرمی خۆشەویستانی خۆیان لە سارنجێی تاقیگەکان و حەوزەکانی خوێندن دا ببینن.

لەهەندێک شوێندا بەتایبەتیش لە هەرێمی ئەریزۆنی ئەمریکا وا هەڵدەکەوێ کە مرۆڤەکان بەرلەوەی بمرن، داوا لە لایەنی پەیوەنددار دەکەن کە تەرمەکانیان لەنێو سەهۆڵبەندادا بهێڵنەوە، ئەگەر رۆژێک زانست بگاتە ئاستێکی پێشکەوتوو، سوود لە تەرمەکانیان وەربگرێ و زیندوویان بکاتەوە.

ئێستا لەهەندێک وڵاتی پێشکەوتووی وەک ئەڵمانیاو ئەمریکا، رێگەی تامیکردن بۆ سووتاندنی تەرمەکان دەگیرێتە بەر، کۆمپانیای تایبەت بۆ ئەو مەسەلەیە پێکهێنراوە، داوا لە کەسوکاری مردووەکان دەکەن تا تەرمەکانیان پێبدەن، لەبەرانبەردا بۆ یادەوەری مردوەکە، پارچەیەک ئەڵماسیان پێدەدەن.

بێگومان لەنێو گەلاندا بە شێوازی دیکەش رەفتار لەگەڵ تەرم دا کراوە، بەڵام ئێستا نەماوە.

ئامادەکردنی: شادبین

رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز: رێکار ئەحمەد

سەرنووسەر: حوسێن حەسەن

ژمارە تەلەفۆنی خاوەنی ئیمتیاز: ٠٧٥٠١١٩١٤٩٧

ژمارە تەلەفۆنی سەرنووسەر: ٠٧٥٠٤٤٧١٦٣١

نۆفیسی سلێمانی
گەڕەکی رزگاری، نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم، بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا، ژمارەی تەلەفۆن ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

نۆفیسی هەولێر
شەقامی شەست مەتری گەڕەکی رزگاری نزیک ئاسایشی گشتی ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٧٩٨٤٦

نۆفیسی کەرکوک
حەسیرەکە، بەرانبەر نەخۆشخانەی رزگاری، ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

نۆفیسی رانیە
شەقامی نالی، بەرانبەر گەراجی نەورۆز کتێبخانەی رۆژی گەل ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com